چاوپێکەوتن

### بەکر شوانی:

# یەکەمین زمان کە دەبێ ڕۆمانەکانی "پامۆک"ی بۆ وەرگێڕدرێ کوردییە

١-٢



**سازدانی: سەڵاح حەسەن پاڵەوان**

بەکر شوانی یەکێکە لە وەرگێڕەکانی بواری ڕۆمان، تا ئێستە چەند ڕۆمانێکی "ئۆرهان پامۆک"ی لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە ڕۆمانەکانی"بەفر" و "قەڵای سپی" و "من ناوم سوورە" ئێستەش سەرقاڵی وەرگێڕانی تازەترین ڕۆمانی ئەم نووسەرەیە بە ناونیشانی"مۆزەخانەی پاکیزەیی"، لەم دیمانەیەدا شارەزا دەبین بە هێندێ لە لایەنەکانی گرینگی و نهێنییەکانی وەرگێڕان و ئەزموونی بەکر شوانی لەگەڵ کاری وەرگێڕاندا.

* بەکر شوانی لە چ دەرگەیەکەوە هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، دەرگەی وەرگێڕان یان دەرگەکانی تر؟

– لە راستیدا بەر لە هەموو شتێک وەکو هەموو کەسێکی ئەدەبدۆست ئەوانەی حەز لە ئەدەب دەکەن، لە دەرگەی خوێندنەوە هاتمە نێو دنیای ئەدەب، سالانێکی دوور و درێژە دەخوێنمەوە، ئەو خوێندنەوەیە کاریگەرییەکی زۆری بەسەرمەوە هەبوو، زۆر جار بەرهەمێکم خوێندووەتەوە گوتوومە ئەگەر ئەمەم بکردایە لەوانەیە بەشێوەیەکی تر بمکردایە، یان ئەگەر من ئەم بەرهەمەم بنووسیایە بە شێوازێکی تر دەمنووسی.

کاتێ چوومە هەندەران لەوێ تێبینیم کرد کە من لە وڵاتێک دەژیم کات تێیدا زۆر گرینگە، کات بۆ من زۆر گرینگ بوو بۆ ژیان و بژێوی، لەوێ هەموو کات لە بیرکردنەوەدا بووم، خولیای خوێندنەوە و بەخۆداچوونەوە بووم، ئاشنایییەکی تەواوی ژیانی ئەوێ بووم، بیرم دەکردەوە و دەمگوت کەسێک لە ئەوروپا کارێک دەکات هیچ نەبێت دەبێ پاداشتی ئەو کارەی بدرێتێ، واتە هیچ نەبێ مافی ئەو کارانەی بدرێتێ کە لەو بەرهەم و کارەدا بە خەرجی داوە.

ساڵی ٢٠٠٦ دوای ئەوەی ئۆرهان پامۆک خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی وەرگرت، باسی رۆمانی "بەفر"م لەگەڵ بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ئاراس کرد پێم گوت، رۆمانێکە تا بڵێی جوان و نایابە لەبەرئەوەی بە پلەی یەکەم بە یەکەمین رۆمانی سیاسیی ئەو نووسەرە دادەنرێ، دووەم ئەو رۆمانە باسی کوردی تێدایە، دوا جاریش ئەو نووسەرە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. ئەوەبوو گوتی: باشە ئەگەر وا دەزانی بۆ وەستاوی؟ دەست بەکار بە و ئەو کارە بکە بە کوردی. منیش لە وەڵامدا پێم گوت: هەموو کەس دەڵێ ئەو کارە بکە بە کوردی، بەڵام کات و رێزگرتن لە ئەرکی وەرگێڕ چی؟! ئەویش گوتی: من پشتگیریت دەکەم بڕۆ وەری گێڕە. لەوێوە من دەستم کرد بە وەرگێڕانی کارەکانی پامۆک، ئەم وەرگێڕانە بۆ من یەکەمین کاری گەورە بوو پێشتر کاری بچووکم کردبوو، بەڵام بە هاندانی بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس توانیم رۆمانی بەفر چاپ بکەم.

* پێش بەفر وتار و بەرهەمی ئەدەبیت نووسیوە؟

– زیاتر لە بواری سیاسیدا لە تورکی و ئەڵمانییەوە کاری وەرگێڕانم کردووە، زۆربەی

ئەو کارانـەشـی کە کردوومـن خۆبەخشـانە بووە، کارکردن بووە بۆ هەندێ لە داوودەزگاکان، دەتوانم بڵـێم بە دەیان یـا وردتر بڵـێم نێـزیکەی ٦٠ بەرهەمـی وەرگـێـڕاوم هەیە، ئەگـەر ئەو بەرهەمـانە کۆ بکەمەوە کتێبیشیـان لێ دەردەچێت، لە مـاوەی ١٠ سـاڵی رابردوودا واتە لە نێوان سـاڵی ١٩٩٠ تـا ٢٠٠٠ کـاری وەرگێڕانم کـردووە و لە کـۆوار و رۆژنـامـە و هـەندێ لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بەرهەمم بڵاو کردووەتەوە.

* ئۆرهـان پامۆک لە دڵـتەوە نێزیکە تا کارەکانی وەرگێڕی یان ناو و ناوبانگ و خەڵاتی نۆبڵ وای لێ کردی دەست بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بکەیت؟

– هـەر هـەموو سیفـەتەکانی ئەو کابرایە، ئەوەی کە وای لێ کردم کارەکانی بکەمە کوردی لە کـولتووری ئێـمەوە نـێزیکە و لەسـەر ئـاسـتـی دنیاش بەناوبانگە و بـەرهـەمەکانیشی کـاری تێ کـردم، کاتێ کـە یەکەم بەرهـەمـی ئەو "من نـاوم سـوورە"م خـوێندەوە، پێش ئەوەی خـەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، لە یـەکێک لـە شـەقـامـەکـانی "کۆڵن" لە کـتـێبخـانـەیەکی تورکـی ئەو کتـێبـەم بینی، زۆر سـەرنجی راکـێشـام، گـوتم دەبێ ئەم "من نـاوم سـوورە" کـێ بێت. پێشـتـر من لە رێگەی گـوتـارە سـیـاسـیـیـەکـانییـەوە ناوی ئۆرهـان پامـۆکم بیـسـتـبـوو، لە نیـوەی دووەمـی نەوەدەکـانـی رابردوو بۆ ماوەیەک گوتـاری سیاسـیی دەنووسی، لە پاشـان ئەو وتـارانەی کرد بە کـتـێبێـک بە ناونیشـانی "رەنگەکانی تر"، کە ئەو کـتـێبـەم خـوێندەوە هەسـتم کـرد ئەو شـتـانەی ئەو دەینووسـێ گوزارشـت لە هـەمـوو ئەم مـیلـەتانەی ئەم ناوچەیە دەکـات، بـاس لە هەموویان دەکـات، بیرم کـردەوە کە ئێـمە کۆمـەڵێ میللەتین کولتوورەکانمان لەیەک دەچێت و لە هـەندێ شـوێندا لە ناو یەک و لە هـەندێ شـوێنی تریـشدا بە تەنیـشـتی یەکەوە دادەنیـشـین، کۆمەڵێ خاڵی هـاوبەشمـان هـەیە، چ ئـاین چ باری کولتووری، پاشـان دوای ئەوە بیرم کردەوە هـەمـوو رۆمـانەکـانـی بەتایبـەت پاش ئەوەی خـەڵاتی نۆبڵی وەرگـرت وەردەگـێـڕدرێتـە سـەر هەموو زمانەکانی دنیا بۆ نموونە چینی، ژاپۆنی، رووسـی بەڵام ئێمە نیوەی میللەتەکەمان لە پاڵ ئەواندا دەژین، بۆ دەبێ کارەکانی ئەو نووسەرە وەرنەگێڕین، لای خۆمەوە گوتم یەکەمین زمـان کـە دەبێ رۆمـانەکانی"پامـۆک"ی بۆ وەرگێڕدرێ کوردییـە، لەبەرئەوەی وەک کولتـوور لە ئێمەوە نێزیکە و پاشان لە نێو رۆمانەکانیدا باسی کورد هاتووە.

* ئـایا خـــەڵات وەرگـــرتن بـۆ کـــەســـێکی وەک پـامـــۆک بەهـۆی هـەمـــوو رۆمـــانـەکـــانـیـــیـــەوە بـوو یان بەهـۆی رۆمـــانی "بـەفـر"ەوە بـوو، پاشـــان ئـایا

* وەرگــرتنی خــەڵات بۆ هەندێ نووســەر ســەنگی مــەحــەکــە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی بەهێز بن؟

– لەڕاستیدا کاتێ کە ئۆرهان پامۆک خەڵاتەکەی وەرگرت لەسەر سەرجەمی کارەکانی بوو، بەڵام ئەو رۆمانانەی کە زیاتر لە هەموو دنیادا دەنگیان دایەوە هەردوو رۆمانی "بەفر" و "من ناوم سوورە" بوو، ئێستاش رۆمانی" مۆزەخانەی پاکیزەیی" هەیە کە هێشتا وەرنەگێڕدراوە بۆ سەر زمانی"عەرەبی" و "فارسی"، من کردوومە بە کوردی و بە هیوام لە ماوەیەکی نێزیکدا چاپ و بڵاوی بکەمەوە، لە زۆربەی دەزگەکانی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەکانی دنیادا "بەفر" و "من ناوم سوورە" لە ریزەکانی سەرەوە دادەنرێت.

* وا بزانم "جەودەت بەگ و کورەکانی" و "باوڵەکەی باوکم" ئەوانیش بەناوبانگن، بەڵام زۆر لە لێکۆڵەرەوان و رەخنەگران دەڵێن ئەو دوو رۆمانە زیاتر جۆرێکە لە بیرەوەرییەکانی نووسەر و زیاتر گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی؟

– ئۆرهان پامۆک لە هەموو رۆمانەکانیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان باسێکی خۆی هەیە و خۆی خستووەتە نێو رۆمانەکانەوە لە "بەفر" و "من ناوم سوورە" ئامادەیی خۆی هەیە، بەڵام لە "قەڵای سپی"دا کەمتر، لە رۆمانی"مۆزەخانەی پاکیزەیی"دا زۆر زۆر سەختە بتوانی جیاوازی لە نێوان کەمال پاڵەوانی رۆمانەکە و لە نێوان ئۆرهان پامۆکدا بکەیت، کەمال برادەری نووسەرە، لە کۆتاییی رۆمانەکەدا کەمال دەڵێ: «من لێرەدا رادەوەستم ئیتر ئۆرهان بەگ لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکانی من بەردەوام دەبێت»، لەو رۆمانەدا باس لە ژیانی ئەستەمبوڵ دەکات، ئۆرهان پامۆک لە هەموو رۆمانێکیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەستەمبوڵ بەتایبەت دەگەڕێتەوە سەر بەشەشاری "نیشانتاشی"، کە تا رادەیەک شارێکی نیمچە دەوڵەمەندە یان شوێنی دانیشتنی ماڵباتە دەوڵەمەندەکانە، کە ئەویش واتە ئۆرهان پامۆک لە ماڵباتێکی هاوکێشەی ئەو خێزانانەدا گەورە بووە.

* هونەری وەرگێڕان لای ئێمە تا چ رادەیەک لە بەرپرسیارییەوە نێزیکە، ئایا هەست ناکەیت، کاری وەرگێڕان لای ئێمە تووشی شێوەیەک لە ئاڵۆزی و ناجێگیری بووە؟



## من بە تەنیا بەرهەمەکانی ئۆرهان پامۆک ناخوێنمەوە، ئێستە وردە وردە خەریکی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی عەزیز نەسینیشم

– لای ئێمە هیچ ڕێسا و پێوانەیەکی دیاریکراو نییە بۆ وەرگێڕان، هەر لە سەرەتای پرۆسەی وەرگێڕان لە کوردستاندا کارێکی ئارەزوومەندانە بووە، ڕێسا و یاسایەکی زانستی بۆ وەرگێڕان نەبووە، لەبەر ئەوە دەبینین بە بۆچوونی من جۆرێک لە پاشاگەردانی لە وەرگێڕاندا دروست بووە، پەلەکردن لە کاری وەرگێڕاندا هەیە، ئەمەش لەسەر حیسابی چۆنایەتیی دەقەکان دەکەوێ، زۆر جار هەڵەی گەورە لە وەرگێڕاندا هەیە، بۆ نموونە لە وەرگێڕاندا زۆر جار هەستم کردووە هەندێ بابەت مافی خۆی نەدراوەتێ، واتە وەرگێڕانەکە ئەو چێژ و تامەی تێدا نییە کە لە تێکستە ئۆرجیناڵەکەدا هەیە، بەڕاستی هۆکاری ئەمەش بۆ وەرگێڕ ناگەڕێتەوە، بگرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە دەزگایەکی فەرمیمان نییە کە کاری وەرگێڕان ڕێک بخات و کاری وەرگێڕان ساز بکات، ئەگەر ئێمە دەزگایەکی ئاوهامان هەبێت وەرگێڕانەکان بە پێی یاسایەک وەرگێڕەکان پێوەی بەند دەبن، ئەو کاتە هەموو بەرهەمێک دەچێتەوە ئەوێ و لەوێدا کەسانی شارەزا پێیدا دەچنەوە، ئەو دەزگایە دەبێتە جۆرێک لە کۆنترۆڵکردنی پۆزەتیڤ، دەبێ ئەو دەزگایە بە پێی پێویستییەکانی کۆمەڵگە کتێب بۆ وەرگێڕان دەستنیشان بکات، دەبێ بەشێکی ئادیتۆر یان سەنتەری پێداچوونەوە هەبێت بۆ ئەوەی بزانرێ تێکستەکە بە جوانی وەردەگێڕدرێ.

* ئەم تورکی زانینەی بەکر شوانی سەرچاوەکەی لە کوێوەیە؟

– بەڕاستی من بەهۆی ئەوەی خەڵکی کەرکووکم، لەبەر ئەوە ئەو زمانە هەر لە منداڵییەوە لێمەوە نێزیک بووە، لە منداڵییەوە گوێم لە تورکی گرتووە، لەلایەن خزمەکانمەوە کە هاتوچۆی یەکتریمان دەکرد گوێم لە هەندێ وشە دەبوو بەلامەوە سەیر بوو، ئەو کاتە

هەندێ شتم دەزانی و هەندێ شتیش فێر بووم، بەڵام شتی منداڵانە بوو، چەند رستەیەک لێرە و لەوێ، بەڵام دواتر کە رێگەی ئەوروپام گرتە بەر لە ئەستەمبوڵ مامەوە، لەگەڵ کوردەکانی باکور بەتایبەت ئەوانەی ئەستەمبوڵ زمانی یەکەمیان تورکییە، لە ئەستەمبوڵ لەوێ بناغەکەیم دانا، دواتر کاتێک کە چوومە ئەوروپا و لە بەلجیکا وەکو رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ لە "مەدتیڤی" کارم کرد، ئیتر لەوێ چینی رۆشنبیری کوردی باکور هەبوو، لەگەڵ ئەوان هەر بە تورکی دەدواین، گوێم لەم و لەو گرت، لە هەریەکە و شتێک فێر بووم و رۆژنامە تورکییەکانم دەخوێندەوە و سەیری هەواڵم دەکرد و کتێبم بە زمانی تورکی دەخوێندەوە، وردە وردە زمانی تورکیم بەهێزتر بوو و دەسەڵاتم بەسەر زمانەکەدا شکا، فێربوونی تورکیش زۆر گران نییە، وەکو زمانەکانی تر نییە، زمانی تورکی رێزمانێکی ئاڵۆزی نییە، تۆزێ خۆتی لەگەڵ ماندوو بکەیت شیفرەکانی دەدۆزیتەوە.

* کە دەڵێین وەرگێڕی رۆمان دەبێ کەسی وەرگێڕ باکگراوندێکی گەورەی رۆمان خوێندنەوەی هەبێ، لای تۆ ئەو حاڵەتە چۆنە، ئایا رۆمان وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناختە، وەک وەرگێڕێ؟

– لە کۆڵن هاورێیەکم ناوی "خەسرەو"ە رۆژێکیان لەسەر رۆماننووسێکی ژاپۆنی کە ناوەکەیم لە یاد نەماوە شتێکی بۆ گێڕامەوە، ئەو رۆماننووسە پێشتر وەرگێڕ بووە، وەرگێڕ لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ ژاپۆنی، ژمارەیەکی زۆر رۆمان وەردەگێرێ و بەردەوام تەمەنێکی درێژ بە وەرگێڕانەوە بەردەوام دەبێت رۆژێکیان لە نیوەی وەرگێڕانی رۆمانێکدا رادەوەستێ و دەڵێ "تەواو ئیتر خۆم دەنووسم" لەو کاتەوە بووە بە رۆماننووسێکی ناسراوی ژاپۆن.

* کەواتە دەبێ رۆژێ لە رۆژان چاوەڕوانی ئەوە بین بەکر شوانی ببێتە رۆماننووسێکی باشی کورد؟

– نەک لە رۆمانەوە، بەڵام لە گێڕانەوە و لە چیرۆکەوە دەست پێ دەکەم، کۆمەڵێ بیرۆکەم هەیە دەمەوێت بەڕاستی بیانخەمە سەر کاغەز، بەردەوام لەگەڵما دێن و دەچن، هەندێ جار تێکەڵ دەبن و دەچنە نێو یەک، کەسایەتیی ئەو بیرۆکانە کە لە خەیاڵمدان هەندێ جار حەز دەکەن لە چیرۆکێکدا بێنە دەرەوە، هەندێکیان دەڵێن "نەخێر لە دوو چیرۆکی جیاوازدا جیامان بکەرەوە. لە راستیدا کۆمەڵێ بیرۆکەم هەن هەوڵ دەدەم لە نزیکترین کاتدا

بیانخەمە سەر کاغەز.

* ئەگەر وەرگێڕ نەبوویتایە، مومارەسەی چ جۆرە ژانرێکی ئەدەبیت دەکرد، لە کام دنیادا خۆتان زیاتر دەبیننەوە؟

– ئەگەر وەرگێڕیم نەکردایە حەزم دەکرد زیاتر لە کاری رۆژنامەنووسیدا قووڵ ببمەوە، حەزم لە کاری تەلەڤزیۆنی بوو، حەزم لە بەردەم کامیرا بوو.

* بوونی سێ شتی سەرەکی لەلای وەرگێڕ پێویستە، یەکەم دەبێ بزانێ لە چ کولتوورێکەوە بابەتەکان هەڵدەبژێرێ، پاشان شارەزابوونی هەردوو زمانی ئەو دوو گەلە لە رووی ئیدیۆم و زاراوەسازی و وشە فۆلکلۆرییەکان، سێیەم دەبێ وەک روح لەو بابەتەوە نێزیک بێت، تۆ چۆن روحی خۆت لە ئەدەبی تورکیدا دەبینیتەوە؟

– وەک پێشتر گوتم ئەو دوو خاڵەی یەکەم پێشتر باسمان کرد، بەڵام خاڵی سێیەم ئێمە بە کولتوور لە یەکترییەوە نێزیکین، کاتێک تۆ زمانێک فێر دەبیت، زۆر شت لەو زمانە رات دەکێشێ، کاتێک کە فێری تورکی بووم و چاوم کرایەوە، هەستم کرد جوگرافیایەکی زۆر گەورەی ئەم سەرزەمینەم ناسیوە، پێشتر جوگرافیایەکی گەورە هەبوو پێی دەگوترا تورکیا، هیچیم لەبارەی ئەو جوگرافیایە نەدەزانی، بەڵام کە فێری زمانەکەیان بووم شارەزای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی تورکیا بووم، شارەزای زۆر شت بووم، زۆر گرێکوێرەم بۆ کرایەوە، ئێستەش هەر بەرهەمێکی تورکی دەخوێنمەوە رام دەکێشێ، من بە تەنیا بەرهەمەکانی ئۆرهان پامۆک ناخوێنمەوە، ئێستە وردە وردە خەریکی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی عەزیز نەسینیشم، بەرهەمی تریش دەخوێنمەوە، شیعریش دەخوێنمەوە. هەست دەکەم ئەو بابەتانەی من لە کولتوور و ئەدەبی تورکی دەیانخوێنمەوە نامۆ نین بەزمانی ئێمە بە کولتووری ئێمە، زۆر جار ئەوەندە هەست بە نێزیکی کولتووری دەکەم، زۆر جار هەست ناکەم کە بە تورکی دەخوێنمەوە لەبەرئەوەی چێژی ئەو کولتوورە رای کێشاوم، کەواتە ئەو کاریگەرییە روحییەی لەو کولتوورەوە چنگم دەکەوێ مانای وایە کە پێوەندییەک لە نێوان تێکست و روحی وەرگێڕدا هەیە.